www.kurdistannet.org
30-5-2007 0:41بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# گەر بمەوەێ بگریم!! ... شێرکۆ جەلال

گەربمەوێ بگریم
ئەوەلەوێ دەگریم
ئەوەبۆتۆ دەگریم
بەڵام ناگریم
گەرنەزانم فرمێسکی ژان
لەچاوی تۆش
چەشنی لافاو نارژێتەخوار
پێناکەنم گەرنەزانم
پێکەنینت وەك شەستەی باران
خەندە بارانم نەکات
تۆڕۆیشتی
لەباوەشی شەوێکی پڕ لەنازووفیزدا
ئەوشەوەبوومن داستانی خۆشەیستیم
لەچاوی ماتی سوورت دی
لەنێوپەلی دەستی خۆشم
دۆرانی عیشقم دی
دۆرانێك لەدووئەیندارى یاخی
کەلەچاوانمان کۆچیان کرد
بەڵام ئازیز
دڵنیابووم
بەر لەچوونمان
پەیڤێک نەبووبیدوێنین
دەنگێك نەبوو بیناسێنین
پشتمان لێك کرد لێك بزربووین
بەرەو ئیستگەیەکی چۆل
گەربمەوێ لەوێ بگریم
ئەوەبۆتۆ دەگریم
بەڵام ناگریم
گەرنەزانم
فرمێسکی ژان لەچاوی تۆش
چەشنی لافاو نەرژێتەخوار
پێناکەنم گەرنەزانم
پێکەنینت وەك شەستەی باران
خەندەبارانم نەکات
تۆڕۆیشتی
وادەتبینم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
30-5-2007 0:41بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بەرانبەر ئاوێنە بەنازەکەی ژوورتان
لەژێربەرە فێڵ بەزەکەی ماڵتان
لەنێو نووشتەی ژێرسەرینی سەرت
لەقەدی یەکە یەکەی نوینەکانتان
دەیان شاریەوە بیرەوەریەکانمان
دۆراندنی چاوەکانمان
کەهەڵچون بوون لەخۆشەویستی نێوانمان
ئەگەر چی دەزانم ڕۆژێك دادێ
هەردێتەوە
بەڵام من شیوەنی بێ تۆ دەگێرم
هەستەکانی دڵ ناگۆڕم
دەژیم وەك ئەوەی هەرتۆ لەلامی
دەفرم بەڵام بۆسینگی دەریای
خۆشەویستیت هەردێمەوە
من هەردەژیم
من هەردەژیم
گەربمەوێ لەوێ بگریم
ئەوەبۆتۆدەگریم...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.